# کارلێکی کۆمەلایەتی و پەیوەندی بە گونجانی دەروونیەوە لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانی باخچەوە

نیان نامق صابر[1]، هێمن محمد زۆراب[2]
[1,2]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Nian.Sabir@univsul.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندی کارلێکی کۆمەلایەتی بە گونجانی دەروونییەوە لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان و، زانینی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن ، ژمارەی منداڵ ، ڕیزبەندی منداڵ ، ئاستی خوێندەواری باوك ، ئاستی خوێندەواری دایك)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێنرا ، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە مامۆستایانی باخچە و منداڵانی باخچە لە سنووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە ، نمونەی توێژینەوە بریتییە لە (٤٠٠ )منداڵی باخچە ، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە پێوەری (کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی ) لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە کە لەلایەن توێژەرانەوە دروست کرا ، لە گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن ، سپێرمان ، ئەلفاکرونباخ، تاقیکردنەوەی (ت) یەك نمونە و دوو نمونە ، هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی , هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆف – سمینرۆو ) لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوەکانی (تەمەن ، ژمارەی منداڵ ، ڕیزبەندی منداڵ ، ئاستی خوێندەواری باوك) جیاوازی نییە ، بەڵام بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز ، ئاستی خوێندەواری دایك) جیاوازی هەیە ، هەروەها دەرکەوت پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازە .

**کلیلە وشەکان :** کارلێکی کۆمەڵایەتی ، گونجانی دەروونی ، منداڵی باخچە


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٢٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Nian.Sabir@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٢پ.د.نیان نامق صابر، هێمن محمد زۆراب، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |


ملخص

**ا لبحث :**

يهدف البحث الى معرفة علاقة التفاعل الاجتماعي مع التوافق النفسى لدى أطفال الروضة من وجهة النظر المعلمين ، و معرفة مستوى التفاعل الاجتماعي و التوافق النفسى لدى أطفال الرياض حسب المتغيرات (الجنس ، العمر ، عدد الأطفال ، التسلسل الطفل ، المستوى التعليمى اب و الأم ) في هذه الدراسة تم استخدام المنهج الوصفي الأرتباطى ، و يشتمل مجتمع البحث على معلمات رياض الأطفال و أطفال الرياض في مركز محافظة حلبجة ، تكون عينة البحث فى (٤٠٠) طفل ، وقد استخدم مقياس (التفاعل الاجتماعى و التوافق النفسى لدى أطفال الرياض ) من أعداد الباحثين، من أهم الوسائل الإحصائية المستخدمة (معامل ارتباط بيرسون ، سبيرمان - براون ، الفاكرونباخ ، أختبار (ت) لعينة واحدة ، أختبار(ت) لعينيتن مستقلتين ، تحليل التباين الأحادي ، معامل كولموجوروف – سميترو ) ، من أهم نتائج البحث (لا يوجد فرق فى مستوى التفاعل الاجتماعي و التوافق النفسي لدى أطفال الروضة حسب المتغيرات (العمر ، عدد الأبناء،التسلسل الطفل، مستوى التعليمى الأب) ، ولكن يوجد فرق حسب المتغير (الجنس ، مستوى التعليمى الأم)، و علاقة بين التفاعل الاجتماعى و التوافق النفسى هو علاقة الايجابية الطردية الضعيفة .

**الكلمات المفتاحية:** التفاعل الاجتماعي ، التوافق النفسى ، أطفال الرياض

## Abstract:

This research aims to Identify the relationship between social interaction with Psychological adjustment among the children of the kindergarten from the teacher's Perspective and to know the level of social interaction and mental adjustment among children in kindergartens According to these variables (gender ,age, number of children, child sequencing, parent’s education level)

This research used associative method research society is kindergarten children and kindergarten teachers in the center of Halabja Government. The research Sample is 400 kindergarten children, The research tool is the measure of (social interaction and psychological adjustment) of kindergarten children from the teacher’s Perceptive which was created by the researchers, among the most important statistical tools used (person's correlation with Person, Spearman, Alpha Cronbach , T- test is one example and two examples, the statistical equation of discrimination, One away ANOVA, Colmogrov-Sminroo). One of the most important result of the research was that the level of Social interaction and psychological adjustment among kindergarten children does not differ according to the variables (age, number of children, child sequencing, Father's educational level), but it does differ according to the variable (gender , mother's educational level).and it was also found that the social interaction and mental adjustment among children in kindergarten from kindergarten teachers perspective to have a weak positive correlation

**Keywords:** Social interaction, Psychological adjustment, kindergarten children

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوە :

کارلێکی کۆمەڵایەتی چەمکێکی بەربڵاوە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا و هەوڵ دەدات بۆ زانینی شێوازی کارلێکی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی و شیکردنەوەی ، ئەو کارلێکەش پەیوەندی هەیە بە بەها و داب و نەریتی کۆمەڵگەوە و، تایبەتە بە مرۆڤ و لە ناو ئاژەڵاندا ئەم کارلێکە بوونی نییە، هەر بۆیە گرنگی و بایەخی زۆری پێ دەدرێت و بە یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دادەنرێت ، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە و بە دابڕانی لە کۆمەڵگە ئەستمە بتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان و، بۆ ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵگەشدا بژیت و بەردەوام بێت پێویستی بە کارلێکە لەگەڵ کەسانی دیکەدا کە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی مرۆڤ فێری داب و نەریت و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگە ببێت ، یەکەم گروپیش خێزانە مرۆڤ کارلێك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دروست دەکات و لە ناو خێزانیش یەکەم کەس دایکە کارلێکی لەگەڵدا دروست دەکات .

دوای خێزان باخچەی منداڵان بە دووەم کاریگەرترین شوێنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە تێیدا فێری کارلێك لەگەڵ هاوتەمەنەکانی دەبێت و، منداڵ بۆ مانەوەی لە ژیان و دابینکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجیەکانی پشت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت ( یاسمی و دیگران ، ۲۰۱۵: ۱۰٦).

هەندێك لە منداڵان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن و ناترسن بەپێچەوانەشەوە زۆرێك هەن دەترسن و تێکەڵی کەسانی تر نابن و گرفتیان بۆ دروست دەبێت لە ڕووبەڕووبونەوەی کەسانی دیکەدا هۆکارەکەی بەگوێرەی توێژینەوەی (مرتضی ، ۲۰۱۵) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی تەواویان بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی نەبووە .

منداڵی گونجاو هەست بە ئارامی دەروونی دەکات و کەسێتییەکی دروستی هەیە بە پێچەوانەوە چێژ لە ژیان وەرناگرێت و هەستیارە و لە کاتی بوونی کێشەیەك ڕق و کینەکانی بەسەر کەسانی تردا دەڕێژێت هەروەها لە کارەکانیدا زوو هەست بە ماندووبوون دەکات (عزیز،۲۰۱٤ : ۲۷۲-۲۷۳)و، منداڵ لە ناو باخچەدا بە نەبوونی گونجانی دەروونی توشی گۆشەگیری دەبێت و هەست بە ئازادی و خودی خۆی ناکات و هەست بەو پەیوەندیانەی دەوروبەری ناکات و بگرە باخچەکەشی خۆش ناوێت و ڕەنگە دووچاری ترس و گریانی بێ هۆکاریش ببێت ، لەم توێژینەوەیەدا کێشەی توێژینەوە لەم پرسیارەدا کورت دەکەینەوە، ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵی باخچە ؟

### گرنگی توێژینەوە :

لەم ساڵانەی دوایید توێژەران گرنگی زۆریان داوە بە شیکردنەوە و تێگەشتن لە کارێکی نێوان منداڵ و ئەندامانی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری بەتایبەت خێزان و گروپی هاوتەمەنەکان پێیان وایە منداڵ لە ڕێگەیەوە زانیاری وەردەگرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دروست بکات و بیانپارێزێت و، کارلێکی کۆمەڵایەتی بە بناغەی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون دادەنرێت کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری پەسەندکراوی کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێت و لە ڕێگەی کارلێکەوە مرۆڤ گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی دەکات بۆ گونجان لەگەڵ بیروبۆچوونی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگە کە هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ناسنامەی مرۆڤ و یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی ئەرێنی لە ناو کۆمەڵگە ( ابراهیم ، ۲۰۱٤ : ۱۹۵- ۱۹٦)و ،ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستبوونی کەسێتی منداڵ لە تەمەنی سەرەتایی، و کاریگەری دەبێت لەسەر گونجان و فێربوونی لێهاتووییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا، هەروەها کارلێکی کۆمەڵایەتی بناغەی هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتییە ، ئەگەر منداڵێك لەلایەن هاوتەمەنەکانیەوە قبوڵ نەکرێت ئەوە زۆر بە زەحمەت دەتوانێت پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست بکات ، و کارلێکی کۆمەلایەتی لاواز کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ تا قۆناغی گەورەبوونیش (العزاوی و کریم ، ۲۰۱۲ : ٤۹-٥۰).

لە ناو باخچەدا منداڵ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت پێویستی بەوە هەیە کارلێك دروست بکات لەگەڵ منداڵان و مامۆستایانی ناو باخچە و بەبێ بوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بەردەوام بێت لەگەڵیان و ، بەهۆی کارلێکی لەگەڵ دەورروبەریدا فێری داب و نەریتی کۆمەڵگە و

بەهاكان دەبێت و فێر دەبێت چۆن ڕەفتار بكات لەگەڵ دەوروبەریدا بە شێوەیەکی دروست بۆ ئەوی سوودی پێ بگات لە هەمان کاتیشدا سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت.

گونجانی دەروونی لای منداڵ زۆر گرنگە و ، زانایانی قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵی بە بناغەی کەسێتی ناودەبەن و فرۆید پێی وایە گونجان و نەگونجان لەم ساڵانەدا دروست دەبێت ، ئەگەر منداڵ لە کەشێکی کۆمەڵایەتی پڕ سۆز و هەستکردن بە دڵ ئارامی دایبابەوە پەروەردە ببێت کاتێك دەچێتە کۆمەڵگەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی داهێنەرانەی کۆمەڵایەتی بگێڕێت و ببێتە ئەندامێکی کارای ئەوتۆ کە کارلێکی باشی هەبێت و لەگەڵ گروپ و کۆمەڵەکەیدا بە باشی ڕەفتار بكات(فەهمی ، ٢٠١٢ : ٤٣)، هەروەها گونجانی دەروونی دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی بە خۆی هەبێت و کارەکانی خۆی ئەنجامیان بدات و هەست بە بەهای خودی دەکات و هەست بە ئازادی دەکات لەو یاریانەی دەیکات و لە دەربڕینی هەستەکانی ، هەروەها وا دەکات باخچەی خۆش بوێت و حەزی لە یارمەتیدان بێت بۆ ڕێکخستن و پاکردنەوەی باخچە ، دووری دەخاتەوە لە گۆشەگیری و ترس و هەستکردن بە ماندووبوون ( السرحی، ٢٠١٥: ٣١-٣٢)

دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو :

١ – ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ مامۆستایانی باخچە و دایك و باوکان تاکو بتوانن ئاگاداری ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی منداڵی باخچە بن چونكە وەك زۆربەی زانایانی دەروونناسی ئاماژەیان پێداوە تەمەنی پێنج ساڵی سەرەتای منداڵ بناغەیە بۆ دروستبوونی کەسێتی .

٢ – پێوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت لەلایەن توێژەرانی دیکەوە لە توێژینەوەی زانستی دیکەدا سوودی لێ وەربگرن .

٣ – گرنگی تیۆری توێژینەوەکە لەوەدایە بە پێی گەڕانەکانی توێژەر تا ئێستا توێژینەوەیەکی بەم ناونیشانە نەکراوە , بۆیە دەکرێت سوودی هەبێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

٤ – گرنگی پراکتیکی توێژینەوەکە لەوەدایە هەوڵدەدات بە شێوازی ئەکادیمی و زانستی و پێوەری زانستی پەیوەندی نێوان ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان و دایك و باوکانەوە دەربخات.

٥ – خوێندکارانی بەشی دەروونناسی و باخچەی منداڵان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا و توێژەران دەتوانن سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکە وەربگرن.

## ئامانجی توێژینەوە :

١-زانینی پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە .

٢-زانینی جیاوازی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز و تەمەن (

٣-زانینی جیاوازی ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ( ڕەگەز و تەمەن)

٤-زانینی جیاوازی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوەکانی ( ژمارەی منداڵ ، ڕیزبەندی منداڵ– ئاستی خوێندنی دایك و باوك)

## سنووری توێژینەوە :

١-سنوری مرۆیی : مامۆستایانی باخچە و منداڵانی باخچە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە.

٢-سنوری شوێن : باخچەکانی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە

٣-سنوری کات : ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

پێنجەم دیاریکردنی زاراوەکان :

١-کارلێکی کۆمەڵایەتی : بریتییە لە ڕەفتاری تاکەکەس لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا کاتێك لە نێو گروپێکی بچوکدایە یان ئەو پرۆسەیەیە کە تاکەکانی گروپێك لە ڕووی عەقڵی و خولیا و کەرەستە و ئامانج و پاڵنەرەکانەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە. (بۆکانی , ٢٠٢٠ : ٢٨٣ (

٢-گونجانی دەروونی : دەرککردنی تاکە بۆسروشتی پەیوەندی ململانێ نێوان وخۆی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و ژینگەکەی ، ئەم ململانێیە لەگەڵ خۆیدا دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی بەئازار دروست دەکات ، بۆیە گونجانی تاك مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو دڵەڕاوکێ و لابردنی هۆکاری دڵەڕاوکێکەیە. (محەمەد ،٢٠٢١: ٦٥(

٣-منداڵی باخچە : منداڵانی قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەی بنەڕەتی و منداڵانی (٤-٥) ساڵ دەگرێتەوە , ئامانج لێی بریتییە لە بەدەستهێنانی گەشەی تەواو بۆ منداڵ لەو قۆناغەدا بە دابینکردنی چەندین چالاکی ئامانجدار ( عبدالرحيم , ١٩٨١ : ٤)

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم : چوارچێوەی تیۆری

### یەکەم : کارلێکی کۆمەڵایەتی ( التفاعل الاجتماعی)

کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بڵاوترین چەمکەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و،چەمکێکی جەوهەری و ستراتیژییە لە دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا، چونکە دەبێتە هۆی پێکهێنانی جەوهەری کەسێتی مرۆڤ و پەیوەندییە پێکەوە بەستراوەکانی تاك لەگەڵ ئەوانی دیکە و بە بنچینەی توێژینەوەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە هەوڵ دەدات بۆ زانینی چۆنیەتی کارلێکی تاك و ژینگەکەی ، کە ئەویش پەیوەندی هەیە بە داب و نەریت و بەها و ئاڕاستەکانەوە و بە بنەمای زۆرێك لە تیۆرەکانی کەسێتی و فێربوون و چارەسەری دەروونی دادەنرێت (ابراهيم، ٢٠١٤: ١٩٥)

## تایبەتمەندییەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

کارلێکی کۆمەڵایەتی وەك هەموو چەمکەکانی دیکە لە بوارە جیاوازەکاندا خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت تایبەتمەندییەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە بخرێنەڕوو :

١-دینامیکی (الدينامية) : کارلێکی کۆمەڵایەتی کاریگەری دوو لایەنەی هەیە ، واتە لە یەك کاتدا کارلێکەرە و کارلێکراویشە .

٢-بەردەوامی ( الاستمرارية) : مرۆڤ بە بەردەوامی لە کارلێکدایە تەنانەت ئەوکاتەی کە بە تەنیاشە کاتێك بیر لە کەسێك یان بارودۆخێك دەکاتەوە ئەوەش بە کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

٣-ئامانج ( الهدفية) : لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا هەمیشە ئامانجێکی دیاریکراو بوونی هەیە .

٤-ڕۆڵ و بەپرسیاریەتی ( الدور و المسؤولية) : لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤ فێری ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی دەبێت بە پێی تایبەتمەندی و سروشتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی .

٥-جیاکاری( التمايز) :دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی کەسەکان لەیەکتر لە ڕوی کەسێتیانەوە وەك داهێنەر ، شەرخواز،خۆشنووس..

٦-بەکارهێنانی زمان وەك ئامرازی دەربڕین ( استخدام اللغة كوسيلة للتعبير) : زمان یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەیەوە مرۆڤ تێدەگات لە کەسانی دیکە و کارلێکیان لەگەڵدا دەکات (همشری، ٢٠١٣: ٤١)

## ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

یەکەم: ئامرازی زارەکی ( الوسائل اللفظية) : زمان بە ئامرازێکی گرنگی کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت چونکە قسەی وترا و بیستراو دەگرێتەوە و بە دەنگ و خێرایی و تۆن و کات و بێدەنگی و گوێگرتن و واژە و مانا و هزرەکان کاریگەر دەبێت .

دووەم : ئامرازی نازارەکی ( الوسائل غير اللفظية) : هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە وروژێنەر و ئاگادارکەرەوەیەکی ڕەفتاری جۆراوجۆر پێکبهێنێت و بەشداری لە ڕوودانی کردەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و چالاککردنی بکات وەك زەردەخەنە یان ئاماژەکانی ڕوخسار ، بەکارهێنانی دەستەکان، شێوازی جل و بەرگ، شێوازی وەستان و دانیشتن..هتد.(معايته، ٢٠١٣: ٢٠٢)

## بنەماکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵێك بنەما یان بنچینە هەیە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی لێرەدا ئاماژە بۆ شەش بنەمای سەرەکی دەدرێت :

١-گەیاندن ( الاتصال) : پرۆسەی گەیاندن لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان بە کلیلی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا (الثبیتی، ٢٠٠٢: ٦٠) ، کارلێك لە نێوان دوو تاکدا ڕوونادات ئەگەر بێت و گەیاندن لە نێوانیاندا ڕوونەدات ، گواستنەوەی زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر لە ڕێگەی گەیاندنەوە دەبێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی (سدیق، ٢٠١٥: ٩٢).

٢-پێشبینی ( التوقع ): پێشبینی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە کردەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ، پشت بە ئەزموونەکانی پێشوو یان لەسەر پێوانەی ڕووداوە هاوشێوەکانەوە بونیاد دەنرێت ، پێشبینی پێویست و گرنگە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە کاتی کردەی کارلێکدا و ئاڕاستەیەکی ئاوەزی و ئامادەباشییە بۆ وەڵامدانەوەی وروژێنەرێکی دیاریکراو ، ، کاتێك تاك ڕەفتارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات پێشبینی دەکات بەوەی قبوڵ دەکرێت یان نا ، پاداشت یان سزا دەدرێت و،تاك ڕەفتاری بەرامبەرەکەی هەڵسەنگێنێ و بە پێی ڕەفتاری کەسەکە لەگەڵ پێشبینییەکانی خۆی دەگونجێنێت (ال مراد، ٢٠٠٤: ٣٦).

٣-هەستکردن بە ڕۆڵ و نمایشکردنی ( ادراك الدور و تمثیله): هەموو تاکێك خاوەنی ڕۆڵی خۆیەتی و ئەم ڕۆڵەش لە میانەی ڕەفتار و ڕۆڵەکەی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، تاك لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاواز لەکاتی کارلێك لەگەڵ تاکەکانی دیکە و ئەو ئەزموونەی کە بەدەستی دەهێنێت لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت ، کاتێك لە هەڵوێستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا تاك ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و کەسێتیەك یان چەند کەسێتییەك لە خۆ دەگرێت ئەوە پێویستە تاك ڕۆڵی خۆی بدۆزێتەوە لە توانای وێناکردنی ڕۆڵی ئەوانی دیکەدا ، بە گشتی ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی چالاکی بەڵام ناتوانێ پێشبینی بکات سەبارەت بە کاردانەوەی ئەوانی دیکە بەهۆی نەتوانینیەتی لە تێگەیشتن و هەستکردن بە ڕۆلی ئەوانی دیکە و پەیوەندی ڕۆڵی خۆی بە ڕۆڵی ئەوان (سدیق، ٢٠١٥: ٩٣-٩٤)

٤-هێما و ئاماژەی مەبەستدار ( الرموز ذات دلالة) : (کارل یۆنگ Carl Jung) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مرۆڤ لە جیهانێکدا دەژی کە پڕیەتی لە هێما و ئاماژە و،ئەم هێمایانە ڕێگەیەکن بۆ دەربڕینی هەواڵ و گوفتارەکانی مرۆڤ کە دەیانگوازێتەوە بۆ ئەوانی دیکە لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگەوە (الهدی، ٢٠١٦: ٦٨).

٥-گونجان ( التوافق) : مەبەست لە گونجان نەبوونی ناکۆکی و کێشەیە و بوونی هاوسەنگی و چارەسەری گونجاوە واتە نزیککردنەوەی بۆچوونی نێوان تاکەکان و نێوان کۆمەڵەکان و کارکردن بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لە گونجان لە نێوان لایە ناکۆکەکان ، و،کارلێکی کۆمەڵایەتی لەم کاتەدا جۆرێکە لە قوربانیدان بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی و کێشە و هێنانی لایەکانە بۆ ناوەندییەك و نزیککردنەوەی بۆچونیانە ( ابراهیم ، ٢٠١٤: ٢١٠)

٦-هەڵسەنگاندن ( التقییم) : مەبەست لێی هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری تاك و کەسانی دیکە و پەیوەندییەکەیانە لە ڕێگای هەڵسوکەوت و پاڵنەرەکانیانەوە ، ئەمەش فیدباکێکە بۆ تاك بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە لەوەی ڕەفتارەکەی تەواو بووە یان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە ئەمەش لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی کارلێکێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (الرشدان، ٢٠٠٥: ٢٠٤)

## تیۆرەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

### یەکەم : تیۆری ڕەفتاری Behaviorism theory

(فریدریك سکینەر Frederic Skinner – 1904-1990)خاوەنی تیۆری وروژێنەر و وەڵامدانەوە و پاداشتە ، ڕەفتارییەکان پێیان وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان لەسەر تیۆری وروژێنەر و وەڵامدانەوە و پاداشتە و ، پێیان وایە مرۆڤ بونەوەرێکی نێگەتیڤ نییە لە کارلێکدا ، بەڵکو وەڵامدەرەوەی وروژێنەرەکان یان پاڵنەرەکانە کە بە شێوەی ڕێکەوت ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ژینگەدا لە کاتی کردەی بەکۆمەڵایەتی (همشری، ٢٠١٣: ١٥٨).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دووەم : تیۆری هاوسەنگی نیوکامب ١٩٠٣ (Newcomb Balance Theory)

تیۆری نیوکامپ بە پشتبەستن بە بنەمای لەیەکچوون و هاوسەنگی لێکدانەوە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات و پێیشی وایە کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی تێکەڵبوون و گونجان و،نیوکامپ تیۆرەکەی خۆی ناونا ( ABX Theory Attraction ) بۆ ڕاکێشان و ، پێی وایە ئەگەر دوو کەس ئاڕاستە و خولیا و بیروبۆچونیان لەیەکچووبێت ئەوە کارلێکێکی هاوسەنگانە دەبێت و ئەگەر لەیەکچوو نەبن و بیر و بۆچونیان جیاواز بێت بەرامبەر بابەتێك ئەوە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی و گرژی و ، پەیوەندی ناهاوسەنگ لە نێوان دوو لایەنی نەگونجاودا دروست دەبێت ئەگەر بەرامبەر بابەتێکیش لێکچووبن (معایتە، ٢٠١٣: ٢١٦-٢١٧).

## سێیەم : تیۆری (بیلز Bales):

بە بۆچونی (بیلز Bales) کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕەفتاری دیار و بەرچاوی تاکەکان لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا و لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی بچوکدا ، هەڵوێستەکە لەو کەسانە پێکدێت کە ڕەفتارەکەیان ئاڕاستە دەکرێت وەك خود و ئەوانی تر لە دەوروبەری و،کۆمەڵەی بچوك لە چەند ئەندامێك پێك دێت هەر چەند بێت ژمارەیان ڕووبەڕوو و یەك جار یان چەندین جار کار لە یەکتری دەکەن و، هەرمرۆڤە و بە شێوەیەکی تایبەت ئەوی دیکە دەناسێت و وەڵامدانەوەی لە بەرامبەریدا دەبێت ، هەروەها پێی وایە کارلێك کردارێکە تەنانەت ئەگەر لە نێوان مرۆڤ و خودی خۆیشیدا بێت دەبێتە هۆی کاردانەوەیەك یان چەند کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەك لە چوارچێوەی کردەی ئاڵوێرکردنی کردار و کاردانەوەکان ( معایتە ، ٢٠١٣ : ٢١٩)

## دووەم : گونجانی دەروونی

## دەرکەوتنی چەمکی گونجان :

زاراوەی گونجان (التوافق – Adjustment) لە زانستی دەروونناسیدا لە بنەڕەتەوە لە چەمکی ڕاهاتن ( التکیف Adaptation ) لە زانستی بایۆلۆژی وەرگیراوە کە بە بەردی بناغەی بیردۆزەکەی (چارلس داروین C.R. Darwin ١٨٠٩-١٨٨٢) دادەنرێت بە ناوی بیردۆزی پەرەسەندن ، (چارلس داروین C.R. Darwin) پێی وایە ئەو بونەوەرە زیندوانەی دەمێننەوە ئەوانەن توانای ڕاهاتنیان هەیە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمە و مەترسییەکاندا ، زانایانی دەروونناسی چەمکی بایۆلۆژیانەی ڕاهاتن (Adaptation)یان وەك خواستن (استعارە) لە ژێر ناوی گونجان (Adjustment) بەکارهێناوە چونکە زیاتر گرنگی بە مانەوەی سایکۆلۆژی دەدەن نەك مانەوەی فیزیکی ( فەهمی ، ٢٠١٢: ١٩-٢٠).

ڕەهەندەکانی گونجان ( ابعاد التوافق) :

ڕەهەند یان بوارەکانی گونجان لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکە جیاوازن و بە گشتی باس لە کۆمەڵێك گونجان کراوە:

١-گونجانی دەروونی ) التوافق النفسی) : گونجانی دەروونی واتە ڕازی بوون لە خود و تێرکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکان و فسیۆلۆجییەکان ، هەروەها پێداویستییە ناوەندییەکان وەك سەقامگیری دەروونی و ئاسایش و ڕێزی خەڵك بۆ مرۆڤ (حەمەد،ب.س، ٩١) ، هەروەها توانای مرۆڤ بۆ هاوسەنگی و ڕازی کردنی پاڵنەرە دژەکان و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی هەموویان ، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە دەروونددروستی بریتی بێت لەوەی مرۆڤ ململانێیەکانی نەبێت، چونکە مرۆڤ هەرگیز لەم ململانێیانە ئازاد نابێت، بەڵکو ئەم هاوسەنگییە بە واتای توانای مرۆڤە بۆ چارەسەری کێشە دەروونییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی (احمد ، ٢٠١٤ : ٢١).

٢-گونجانی کۆمەڵایەتی ( التوافق الاجتماعي ( : واتە گونجانی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵ و ڕێزگرتن و قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵ هەروەها هەستکردن بە بەختیاری لەگەڵ کەسانی ناو کۆمەڵ و،هەروەها بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ دروستکردنی پەیوەندی گونجاو لەگەڵ دەوروبەریدا ،ئەگەر کەسێك خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە گونجاند ئەوە توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونی هەیە و دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستی ڕەفتار لەگەڵ کەسانی تر بکات ، هەر بۆیە ئەو کەسەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە گونجاندووە بە پێگەشتوو لە ڕووی سۆزیەوە ناودەبرێت ( فەهمی ، ٢٠١٢ : ٤١).

٣-گونجانی ئاوەزی( التوافق العقلي) : توخمەکانی گونجانی ئاوەزی بریتین لە، درککردنی هەستی ، پەروەردە، بیرکەوتنەوە، بیرکردنەوە، زیرەکی

و لێهاتوویەکان  و، گونجانی دەروونی بەدەست دێت کاتێك هەریەک لەم توخمانە ڕۆڵی تەواو و هاوبەشیان لەگەڵ توخمەکانی دیکە بگێڕن (الجموعی ، ٢٠١٣ : ٨٥)

٤-گونجانی خێزانی (التوافق الاسري) : بریتییە لە هەستکردنی مرۆڤ بە ژیانێکی خۆش لە ناو خێزان بە ڕێزلێگرتن و خۆشویستن و بوونی هاوکاری لە نێوان مرۆڤەکانی خێزان و توانای خێزان بۆ دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکان و،پەیوەندییەکی باش و دروست لە نێوان دایك و باوك و منداڵەکان هەبێت و پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و متمانە بێت و لە کاتە بەتاڵەکاندا هەست بە دڵخۆشی بکەن و توانا چارەسەرکردنی کێشە خێزانیەکانیان هەبێت ( الحجار ، ٢٠٠٣ : ١٧)

٥-گونجانی هەڵچوونی (التوافق الانفعالي) : بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکانیدا و چێژوەرگرتن لە ژیان بەبێ دودڵی و ناکۆکی و نەخۆشی دەروونی و جەستەیی و، گونجانی هەڵچوونی واتە مرۆڤ ڕەزامەند بێت لە خۆی و ڕقی لە خۆی نەبێت و،ژیانی دوور بێت لە دودڵی و ناکۆکی و ململانێی دەروونی و هەست بە تاوان نەکات لە ژیاندا ( البلیهی ، ٢٠٠٨ : ٤٩-٥٠)

نیشانەکانی گونجانی دەروونی ( مؤشرات التوافق النفسی) :

کاتێك مرۆڤ گونجانی دەروونی بەدەست دەهێنێت کۆمەڵێك نیشانەی هەیە :

١-نەرمی و سوودوەرگرتن لە ئەزمونەکان.

٢-هاوسەنگی هەڵچوونی و، توانا بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی گرفت و فشارە جۆراوجۆرەکان.

٣-توانای ڕاهاتن لەگەڵ داواکاری و پێداویستییە ناوەکی و دەرەکییەکان.

٤-هەستکردن بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی دەروونی.

٥-هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی .

٦-زانینی سنووری خەڵکی و ڕێزلێگرتنیان.

٧-دووربوون لە نەخۆشی دەروونی و جەستەیی.

٨-تێڕوانینی ڕاستیانە بۆ ژیان .

٩-توانای سەرکەوتنی مرۆڤ لە کار و ڕازی بوون لە خود.

١٠-توانی کۆنترۆڵکردن و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی.

١١-بوونی پەیوەندی باشی کۆمەڵایەتی.

١٢-پابەندبوون بە ڕەوشتی باش و گونجاو.

١٣-متمانە بە خود و بە کەسانی دیکەش(الویزة،٢٠١٢ : ٦٠-٦١).

## تیۆرەکانی گونجان :

یەکەم تیۆری بایۆلۆجی پزیشکی (النظرية البيولوجية الطبية – Biological Medical Theory):

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە هەموو جۆرەکانی شکستهێنان بەهۆی ئەو نەخۆشیانەوەیە کاریگەریان لەسەر خانەکانی جەستە هەیە بەتایبەت مێشك و،دەکرێت ئەم نەخۆشیانە بۆماوەیی بن ،یان لە ژیاندا ڕوودەن بە هۆی بەرکەوتن ،برینداربون،هەوکردن،یان ناهاوسەنگی هۆرمۆنەکان لە ئەنجامدا فشار دروست دەکەن لەسەر مرۆڤ ، گونجان واتە سەلامەتی ئەرکە جیاوازەکانی جەستە بەڵام نەگونجان واتە گرفت لە هاوسەنگی هۆرمۆنەکان یان چالاکی یان ئەرکێك لە ئەرکەکانی جەستە،  لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە  (چارلس داروین Charles Robert Darwin 1809-1882،گریگۆر مندل Gregor Johann Mendel 1822-1884، کالمان Kallmann ، فرانسیس گالتون Gal-ton Francis  1822-1911) (دوسة و أبکر،٢٠١٨ : ٩)

دووەم : تیۆرە دەروونییەکان ( النظريات النفسية – Psychological Theories):

ا- تیۆرەکانی شیکردنەوەی دەروونی (نظریات التحلیل النفسی – Psycho-analysis Theories)

پرۆسەی گونجانی دەروونی بە بۆچوونی ) سیگمۆند فرۆید Sigmund Freud 1856-1939) بە گشتی لە نەستداییە ، واتە تاکەکان لە هۆکاری ڕاستەقینەی زۆرێک لە هەڵسوکەوتەکانیان تێناگەن، مرۆڤی گونجاو دەتوانێت پێداویستییە گرنگەکانی ئەو(الهو) تێر بکات کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەندکراون (الشاذلی،٢٠٠١ :١٠٥)

هەروەها (کارل یۆنگ Carl Jung 1875-1961) پێی وایە گونجان و دەروونذروستی پێویستیان بە بەردەوامی گەشەی کەسێتییە بەبێ وەستان و،گرنگی بە دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینە دەدات و،گرنگیش بە هاوسەنگی کەسێتی گونجاو دەدات و، پێی وایە دەروونذروستی و گونجان پێویستیان بە هاوسەنگییە لە نێوان ئارەزووە ناوەکییەکان و دەرەکییەکان(محمد ، ٢٠٠٤ : ٢٤).

(ئیرك فرۆم Erich Fromm1900-1980) بڕوای وایە مرۆڤی گونجاو دەبێت لە ڕووبەڕوبونەوەی ژیاندا کەسێکی ڕێکخراو بێت و توانای پەسەندکردنی کەسانی دیکەی هەبێت و توانای خۆڕاگری هەبێت و متمانەی هەبێت و ، توانای خودی هەبێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆی دەربڕێت بۆ کەسانی دیکە بەبێ دڵەڕاوکێ(عبداللطیف و عوض، ١٩٩٩: ٨٧).

## ب- تیۆری ڕەفتارییەکان ( النظرية السلوكية Behavioral Theory)

گونجان و نەگونجان لای (جۆن واتسۆن John Watson 1878-1958) و (فریدریك سكینر Frederic Skinner 1904-1990) پرۆسەیەکی فێرکراوە واتە بەدەستهاتووە ، لە ڕێگەی ئەو شارەزاییانەی مرۆڤ دەستی کەوتووە و،کۆی ئەو نەریتانەیە کە مرۆڤ لە پێشوودا فێری بووە و ، بەشدارە لە کەم کردنەوەی دوودڵی و ناکۆکی لەلای (محمد ، ٢٠١٦ : ٢٨)

سێیەم : تیۆری کۆمەڵایەتی ( النظرية الاجتماعية – Social Theory)

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕۆشنبیری و پێکهاتەکانی گونجان و ، چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگە کاریگەریان هەیە لەسەر گونجان بە شێوەیەك چینە نزمەکان کێشەکانیان زیاتر لە لایەنی جەستەییەوە دیاری دەکەن و ، کەمتر ئارەزووی چارەسەری گرفتە دەروونییەکانیان دەکەن ، بە پێچەوانەوە چینە بەرزەکان کێشەکانیان زیاتر دەروونییەوە و کەمتر گرنگی جەستەییان هەیە، لە لایەنگرە دیارەکانی ئەم تیۆرە : فیرز،دنهام ، ردلیك (عبداللطیف و عوض ، ١٩٩٩: ٩٣)

## چوارەم : تیۆری ژیری ( النظرية المعرفية) :

خاوەنانی ئەم تیۆرە پێیان وایە گونجان لە ڕێگەی توانا ژیرییەکانی مرۆڤ خۆیەوە بەدی دێت ، (ئەلبێرت ئەلیس Albert Ellis 1913-2007) جەخت لەسەر گرنگی فێرکردنی نەخۆشە دەروونییەکان دەکاتەوە کە چۆن بیرۆکەکانی خۆیان بگۆڕن بە ئاڕاستەی چارەسەر کردنی کێشەکان بۆ نەخۆش ڕوون بکرێتەوە و هاوکاری بکرێن لەسەر ڕاست کردنەوەی بیرۆکەکانی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە باری هاوسەنگی و پلەی گونجان لە ڕێگەی شارەزایی و زانیارییەکانی مرۆڤ خۆیەوە ( ابوسکران ، ٢٠٠٩ : ٣٥)

(ڕیچارد لازاروس Richard Lazarus 1922-2002) پێی وایە کەسێك گونجانی هەبێ دەبێ ئەم خاڵانەی تێدا بێت :

١-ئاسوودەیی دەروونی (الراحة النفسى) : مرۆڤ ناگات بە گونجان ئەگەر لە لایەنی دەروونی هەست بە ئاسوودەیی نەکات.

٢-کارامەیی لە کاردا ( الكفاية فى العمل ) : ئەو کەسەی کە بەدەست نەگونجانەوە دەناڵێنێت کارامەیی بەرهەمهێنانی کەمدەکات و، ناتوانێت سوود لە بەهرە و تواناکانی خۆی وەربگرێت .

٣-نیشانە جەستەییەکان ( الاعراض الجسمية ) : نەگونجان زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی یان پێکانەکان، بۆ نمونە کەسێك نەخۆشییەکی هەبێت ڕەنگەهەست بە کەمی بکات و نەتوانێت بگات بە گونجان.

٤-قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی ( التقبل الاجتماعى ) : گونجان بەبێ پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی یان پەسەند نەکردنی لە ڕێگەی پەیوەندییەکان و ڕەفتارەکانییەوە بەدی نایەت(عبداللطیف و عوض،١٩٩٩ : ٩٠-٩١).

## تەوەری دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو

## توێژینەوەکانی پێشوو بەپێی گۆڕاوی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

١-توێژینەوەی (الهدى ٢٠١٦) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە گەشەپێدانی کارلێکی کۆمەلایەتی لە دیدی دایبابان لای منداڵانی تەمەن (٤-٥) ساڵ – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر نمونەیەك لە منداڵانی باخچەی المسیلة) گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە (زانینی ڕۆڵی یاریەکانی باخچە لە ئامادەکردنی منداڵ لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە ، ڕۆڵی باخچە لە یارمەتیدانی منداڵ لە گەشەپێدانی لێهاتوویی پەیوەندی لە میانەی کارلێکەوە ، ڕۆڵی باخچە لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی) ، میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (سەرجەم دایك و باوکانی ئەو منداڵانەی لە باخچەن لە شاری المسیلة) ، نمونەی توێژینەوە (٤٠) دایك و باوك ،ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە (چاوپێکەوتن)، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان( ناوەندە ژمێرەیی ، چوارگۆشەی کای ) لە گرنگترین ئەنجامەکان دەرکەوت (باخچە ڕۆڵی هەیە لە تێکەڵبوونی منداڵ لەڕێگەی یاریکردنەوە لەگەڵ چواردەوری لە ناو باخچە بە تایبەت ئەو منداڵانەی هاوتەمەنن، و دەرکەوت باخچە ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵی باخچە).

٢-توێژینەوەی ( کاتبی و المغوش ٢٠١٥) بە ناونیشانی ( ڕیزبەندی لەدایك بوونی منداڵ و کاریگەری لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر نمونەیەك لە منداڵانی باخچە حوکمیەکان تەمەن (٤-٥) ساڵ لە شاری دیمەشق) ، ئامانجی توێژینەوەکە (زانینی پەیوەندی نێوان ڕیزبەندی لەدایکبوونی منداڵ و کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ناو باخچە ، و جیاوازی نێوان منداڵان لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز) ، میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا, کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە (منداڵانی تەمەن (٤-٥) ساڵ لە باخچە حکومیەکانی منداڵان لە شاری دیمەشق) ، نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی مەبەست هەڵبژێردران کە ژمارەیان (٣٠) منداڵی کوڕ و کچ ، ئامرازی توێژینەوە (لیستی چاودێری کارلێکی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی تێبینی و ڕاپرسی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی دایکەوە) بەکارهێنا کە لەلایەن توێژەرەوانەوە دروستکرا ، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( سپێرمان – براون ، ئەلفاکرونباخ ، ناوەندە ژمێرەیی ) گرنگترین ئەنجامەکان کە بەدەستهاتن : (پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ڕیزبەندی منداڵ و کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە لە بەرژەوەندی ڕیزبەندی یەکەمەکان ، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵان لە کارلێکی کۆمەلایەتی بە پێی ڕیزبەندی منداڵ لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەی لە ڕیزبەندی دووەمن پاشان یەکەم دواتر سێیەم و چوارەم و زیاتر ، پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامەکانی دایکان لە ڕاپرسی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵان و نمرەکانی منداڵانی تۆمارکراو لە لیستی کارلێکی کۆمەڵایەتی) .

٣-توێژینەوەی (مرتضى ٢٠١٥ ) بە ناونیشانی (کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە) ، ئامانجی توێژینەوە (زانینی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە ، زانینی جیاوازی ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز و تەمەن) )، میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە (میتۆدی وەسفی) ، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە (منداڵانی باخچە لە پارێزگای کەربەلا) ، نمونەی توێژینەوە (١٢٠) منداڵی باخچە لە پارێزگای کەربەلا ، ئامرازی توێژینەوە (پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵی باخچە) لە دروستکردنی (ال مراد ٢٠٠٤) بەکارهات کە پێکهاتبوو لە (٥٠) برگە ، گرنگترین ئامرازە ئامارییەکان (پێرسۆن ، ناوەندە ژمێرەیی ، لادانی پێوەری ، ناوەندی گریمانەیی ، تاقیکردنەوەی (ت) )، لە ئەنجامدا دەرکەوت (منداڵانی باخچە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییان بەرزە هەروەها ڕەگەز و تەمەن کاریگەری نییە لەسەر کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە).

٤-توێژینەوەی (العزاوي و کريم ٢٠١٢) بە ناونیشانی ( کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لای ئەو منداڵانەی دایکیان کار دەکات و ئەوانەی کارناکەن ) ، ئامانجی توێژنەوە (زانینی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لای ئەو منداڵانەی دایکیان کار دەکات و ئەوانەی کارناکەن ) ، میتۆدی (وەسفی -بەراوردی هۆکارەکان) بەکارهێنرا , کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی باخچە لە قەزای بەعقوبە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای دیالە) ، ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) ، توێژەران نمونەیەکی هەڕەمەکیان هەڵبژارد کە ژمارەیان (٦٠) منداڵ بوو و دابەش بووبوون بۆ سەر دوو گروپ ، یەکەمیان ئەو منداڵانە بوون دایکیان کاری دەرەوەی دەکرد و گروپەکەی دیکە ئەو منداڵانە بوون کە دایکیان کاری دەرەوەی نەدەکرد ،ئامرازی توێژینەوە ( پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە) لە دروستکردنی

(ال مراد،٢٠٠٤) يان بەکارهێنرا ، ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونە، پێرسۆن ، چوارگۆشەی کای، ناوەندە ژمێرەیی) لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە( جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ئەو منداڵانەی دایکیان ئیش دەکەن و ئەوانەی ئیش ناکەن لە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە کارلێکی کۆمەلایەتی لای ئەو منداڵانەی دایکیان ئیش دەکەن لەگەڵ ئەوانەی ئیش ناکەن بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز)).

## توێژینەوەکانی پێشوو بە پێی گۆڕاوی گونجانی دەروونی :

١-توێژینەوەی ( بوشامة و غويل ٢٠١٦) بە ناونیشانی ( ڕۆڵی باخچە لە بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵان) ، ئامانجی توێژینەوەکە (زانینی ڕۆڵی باخچە لە بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵ و ڕۆڵی ئامراز و بەرنامە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی گونجان و ڕادەی کاریگەری و کارلێکیان لەگەڵ منداڵ، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو سیفەتانەی کە مامۆستای باخچەی منداڵان دەبێت هەیبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەروەردەی دروستی منداڵەکە بکات، لەڕووی دەروونی، مەعریفی یان کۆمەڵایەتییەوە، وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغی قوتابخانە), میتۆدی (وەسفی ) بەکارهێنرا بۆ توێژینەوەکە ، کۆمەڵگەی توێژینەوە (مامۆستایانی باخچە) ، نمونەی توێژینەوە (٤٤) مامۆستای باخچە لە باخچەی (دنيا أطفال – ملاك) ، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە (تێبینی ، فۆڕمی ڕاپرسی ، بەڵگەنامە و تۆمارەکان) لە ئەنجامدا دەرکەوت ( باخچەی منداڵان ڕۆڵی هەیە لە بەدەستهێنانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە) .

٢-توێژینەوەی (ثجیل ٢٠١٦) بە ناونیشانی ( گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە دەرکەوتنی توندوتیژی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە ) ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە (پێوانەی گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە ، پێوانەی دەرکەوتنی توندوتیژی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە ، پەیوەندی نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەی توندوتیژی لای منداڵی پێش چوونە قوتابخانە) ، میتۆدی توێژینەوە بریتییە لە میتۆدی (وەسفی) کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی تەمەن (٤-٦) ساڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخی دووەم لە پارێزگای بەغداد ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) ، نمونەی توێژینەوەی (٢٠٠) منداڵ ، ئامرازەکانی توێژینەوە پێوانەی (الجنابي ٢٠٠٢) بەکارهات بۆ پێوانەی (گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی ) و پێوانەی (الحيالي ٢٠٠٩) بەکارهات بۆ پێوانەی (توندوتیژی) ، گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە و دوو نمونە ، تاقیکردنەوەی کای بۆ یەك نمونە ، ئەلفا کرونباخ ، پێرسۆن ) ئەنجامدا دەرکەوت ( منداڵانی قۆناغی پێش چونە قوتابخانە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان نییە ، و دەرکەوتەی توندوتیژیان تێدایە ، هەروەها دەرکەوت پەیوەندی پێچەوانەی نەرێنی هەیە لە نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتەی توندوتیژی لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە) .

٣-توێژینەوەی (الجميلي ٢٠١٥) بە ناونیشانی ( گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی) ئامانجی توێژینەوە (دۆزینەوەی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی) ، میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا , کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی باخچە سەر بە پەروەردەی بەغداد) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) ، نمونەی توێینەوە (١٢٠) منداڵی کوڕ و کچ لە باخچەی منداڵان ، ئامرازی توێژینەوە (پێوەری گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە) لە دروستکردنی توێژەر و پێوەری (ڕەفتاری شەڕانگێزی) لە دروستکردنی (علي ٢٠٠٣)، گرنگترین ئامرازە ئامارییەکان (تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە و دوو نمونە ،هاوکۆلکەی پێرسۆن ، چوارگۆشەی کای) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت (پەیوەندی پێچەوانە هەیە لە نێوان گونجانی دەروونی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵانی باخچە ، هەروەها گونجانی دەروونی لای ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر ، بەڵام ڕەفتاری شەڕانگێزی بە پێچەوانەوە لای ڕەگەزی نێر زیاترە لە مێ ، هەروەها منداڵانی باخچە گونجانی دەروونیان هەیە و ڕەفتاری شەڕانگێزیان نییە) .

٤-توێژینەوەی ( الجنابي ٢٠٠٢) بە ناونیشانی (گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە و پەیوەندی بە هەندێ گۆڕاوی تایبەت بە دایك لە کاتی دووگیانی و لەدایك بوون) ، ئامانجی توێژینەوەکە (پێوانەی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە ، زانینی پەیوەندی نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە و هەندێ گۆڕاوی تایبەت بە دایك لەکاتی دووگیانی و لەدایك بوون ) ،

میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنرا , کۆمەڵگەی توێژینەوە (سەرجەم منداڵانی باخچە لە سنوری پەروەردەی بەغدادی چوار و دایکان) ، ژمارەی منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە (٥٧٢) منداڵی کوڕ و کچ و (٥٧٢) دایك کە بە شێوەی مەبەست هەڵبژێردران ، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە پێوەری (گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە) لە دروستکردنی توێژەر ،گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان ( پێرسۆن ، سپێرمان – براون ، ئەلفا کرونباخ ، تحليل تباين ، هاوکێشەی هویت ، هاوکێشەی بیتا ) لە ئەنجامدا دەرکەوت (منداڵی باخچە ئاستێکی بەرزی گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتیان هەیە ، پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە و هەندێ گۆڕاوی پەیوەست بە دایك لە کاتی دووگیانی و لەدایك بوون) .

## بەشی سێیەم : ڕێکارەکانی توێژینەوە

### یەکەم : میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی (وصفی الارتباطی) ی بەکا هێنراوە ، ئەم میتۆدە بەکارهێنرا بۆ زانینی پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان , هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بە هەندێ گۆڕاوی سەربەخۆ.

### دووەم : کۆمەڵگەی توێژینەوە :

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (مامۆستایانی باخچە–و منداڵانی باخچە) لە سنووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ ، ژمارەی مامۆستایانی باخچە لە سنووری ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بریتییە لە (١٨٥) مامۆستا و ، (١٩٣٩) منداڵی باخچە کە (٦٢٧) نێر و (١٣١٢) مێ .

### سێیەم : نمونەی توێژینەوە :

نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران کە ژمارەی ئەو فۆڕمانەی گەیشتەوە دەست توێژەران بریتی بوون لە (٤١٠) فۆڕم لەو ژمارەیەش(١٠) فۆڕمیان کەم و کورتیان هەبوو لە پڕکردنەوەیان هەربۆیە ئەو فۆڕمانە دوورخرانەوە و ئەو فۆڕمانەی مانەوە بریتی بوون لە (٤٠٠) فۆڕم. خشتەی (١)

**خشتەی (١)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە**

| ژ | ناوی باخچە | تەمەن | | | | کۆ | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٥ ساڵ | | ٦ ساڵ | | | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ١ | بینایی | ٦ | ١٢ | ١٢ | ٩ | ٣٩ | ١٠ |
| ٢ | لەندی | ١٤ | ١٠ | ٣ | ٥ | ٣٢ | ٨ |
| ٣ | باخی میر | ٩ | ١٦ | ٤ | ١١ | ٤٠ | ١٠ |
| ٤ | شنە | ٣ | ١٤ | ١٢ | ١٢ | ٤١ | ١٠ |
| ٥ | هەڵەبجە | ٩ | ١٢ | ١٠ | ٩ | ٤٠ | ١٠ |
| ٦ | شەونم | ١٦ | ١١ | ٧ | ١٥ | ٤٩ | ١٢ |
| ٧ | پەریان | ١١ | ١١ | ٦ | ١٣ | ٤١ | ١٣ |
| ٨ | کۆمەڵگەی پەروەردەی هاوچەرخ | ١١ | ١٢ | ٩ | ٨ | ٤٠ | ١٢ |
| ٩ | هەناری ناحوکمی | ٨ | ١٧ | ٤ | ٩ | ٣٨ | ١٠ |
| ١٠ | سایەی ناحوکمی | ١٠ | ١٤ | ٧ | ٩ | ٤٠ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٩٧ | ١٢٩ | ٧٤ | ١٠٠ | ٤٠٠ | ١٠٠ |
| | | ٢٢٦ | | ١٧٤ | | | |

## چوارەم : گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە :

شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوە بە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە دادەنرێت چونکە لە ڕێگەیەوە ئاشنا دەبین بە تایبەتمەندی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لێرەدا بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەخرێنە ڕوو :

١-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز و تەمەنی منداڵ دەرکەوتووە زۆرترین دووبارەبوونەوە لای ڕەگەزی مێ بووە بە شێوەیەك (٢٢٩) مێ و، (١٧١) نێر هەروەها (٢٢٥) منداڵ تەمەنیان (٥) ساڵ و (١٧٤) منداڵ تەمەنیان (٦) ساڵ بوو، هۆکاری وەرنەگرتنی منداڵی تەمەن (٤) ساڵ بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە :

یەکەم : زۆرێك لە باخچەکان منداڵی تەمەن (٤) ساڵیان وەرنەگرتبوو.

دووەم : ئەو باخچانەی منداڵی تەمەن (٤) ساڵیان وەرگرتبوو بەهۆی ئەوەی دابەشکردنی فۆرمەکان کەوتە کۆتا ڕۆژەکانی دەوامی باخچەکانەوە و نزیکی جەژنی ڕەمەزان بوو ، بۆیە بە پێی وتەی بەڕێوەبەری باخچەکان زۆرێك لە منداڵانی تەمەن (٤) ساڵ نەدەهاتنەوە بۆ دەوام بە بیانوی ئەوەی ساڵێکی دیکەش دەچنەوە باخچە. هەربۆیە بەهۆی کەمی ژمارەی ئەو تەمەنەوە ناچار منداڵانی تەمەن (٥-٦) ساڵ وەرگیران، هەروەها منداڵانی تەمەن (٦) ساڵ ژمارەیان کەمترە لە (٥) ساڵ ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە منداڵی تەمەن (٤-٥) ساڵ لە باخچە وەردەگیرێن ، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێ لە منداڵان ماوەیەکی کەمیان ماوە بۆ تەمەنی (٦) ساڵ لە

قوتابخانە وەرناگیرێن لەبەر ئەوە بە ناچاری دەخرێنە باخچەوە، بۆیە ژمارەی منداڵانی (٥) ساڵ بە شێوەیەکی گشتی لە باخچەکاندا زیاترە لە (٤و٦) ساڵ ، خشتەی (٢)

**خشتەی (٢)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز و تەمەنی منداڵ**

| ڕەگەز / تەمەن | ٥ ساڵ | ٦ ساڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| نێر | ٩٧ | ٧٤ | ١٧١ |
| مێ | ١٢٩ | ١٠٠ | ٢٢٩ |
| کۆی گشتی | ٢٢٦ | ١٧٤ | ٤٠٠ |

٢-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ژمارەی منداڵ دەرکەوتووە زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو خێزانانەن خاوەنی (٢) منداڵن بە شێوەیەك (١٤٣)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە و، نزمترین دوبارەبوونەوەش (١) منداڵیان هەیە کە (٢٧) ی ئەندامانی نمونەکە پێك دێنن ، هەروەها بە پێی ڕیزبەندی منداڵ دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو منداڵانەن کە لە خێزانەکەیاندا (کۆتا) منداڵن بە شێوەیەك (١٨٠)ی نمونەی توێژینەوەیان پێك هێناوە و ، کەمترین دووبارەبوونەوەش ئەو منداڵانەن (ناوەند)ن کە ژمارەیان (١٠٦) منداڵە ، خشتەی (٣)

**خشتەی (٣)**

**دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ژمارە و ڕیزبەندی منداڵ**

| ژمارەی منداڵ / ڕیزبەندی | یەکەم | ناوەند | کۆتا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ منداڵ | ٢٦ | ١ | ٠ | ٢٧ |
| ٢ منداڵ | ٧٠ | ٤ | ٦٩ | ١٤٣ |
| ٣ منداڵ | ١٨ | ٥٣ | ٥٩ | ١٣٠ |
| زیاتر | ٠ | ٤٨ | ٥٢ | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ١١٤ | ١٠٦ | ١٨٠ | ٤٠٠ |

٣-دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری باوکی منداڵ دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو باوکانەن ئاستی خوێندنیان (بنەڕەتی)یە ژمارەیان (١٧٩) و، نزمترین دووبارەبوونەوەش ئەو باوکانەن (نەخوێندەوار)ن ژمارەیان (٦) باوکە ، هەروەها بە پێی ئاستی خوێندەواری دایکی منداڵ دەرکەوت زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو دایکانەن ئاستی خوێندنیان (بنەڕەتی)یە ژمارەیان (١٣٦) و، کەمترین دووبارەبوونەوەش ئەو دایکانەن (نەخوێندەوار)ن ژمارەیان (١٠) دایکە ، خشتەی (٤)

خشتەی (٤)

دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئاستی خوێندەواری باوك و دایکی منداڵ

| ڕەگەز / تەمەن | ٥ ساڵ | ٦ ساڵ |
|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | باوك | دایك |
| نەخوێندەوار | ٦ | ١٠ |
| بنەڕەتی | ١٧٩ | ١٣٦ |
| ئامادەیی | ٤٤ | ٤٨ |
| دیبلۆم | ٩٠ | ١٢٥ |
| بەکالۆریۆس | ٧١ | ٨١ |
| بەرزتر | ١٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٤٠٠ | ٤٠٠ |

## پێنجەم : ئامرازەکانی توێژینەوە :

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری توێژەران دوای گەڕانەوە بۆ ئەدەبیات و سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەکانی پێشوو پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە دوو پێوەریان دروست کرد ئەوانیش (کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان) بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

١-سوود وەرگرتن لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دروستکردنی ( ال مراد ٢٠٠٤ ) , هەروەها (حامد ٢٠٠٩) , هەروەها پێوەری گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دروستکردنی ( ثجیل ٢٠١٢) .

٢-ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە : توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی کراوە لە رۆژی (٢٠٢٢/١/١٥) بۆ ژمارەیەك لە مامۆستای باخچە کە ژمارەیان (٢٠) مامۆستا بوو بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون ، لەو ڕاپرسیەدا توێژەران پرسیارێکی ئاڕاستە کردبوون ئەویش (ئەو ڕەفتارە پۆزەتیڤانە کامانەن کە منداڵ لە باخچەدا لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامیان دەدات ؟) ، دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان و پوختە کردنیان توێژەران (٣٨) برگەیان دروستکرد بۆ پێوانەی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە , هەر لەو ڕاپرسیەدا توێژەران پرسیارێکی دیکەشی ئاڕاستە کردبوون ( ئەو ڕەفتارە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤانە کامانەن منداڵی باخچە ئەنجامی دەدەن لە گونجانی دەروونیدا) دوای وەرگرتنەوەی وەڵامەکان و لابردنی وەڵامی دوبارە و نەگونجاو توێژەران (٣٧) برگەیان دروستکرد بۆ پێوانەی ئاستی گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە

٣-دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر :

توێژەران بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی لە رۆژی (٢٠٢٢/٢/١٤) دەستییانکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر (٢٨) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و پێوانەی گونجانی دەروونی بەسەر(١٨) شارەزا لە بواری دەروونزانی و، داوایان لێکردن ڕاو بۆچونی خۆیان دەربڕن دەربارەی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکانی هەردوو پێوەرەکە ، دوای وەرگرتنەوەی کۆتا فۆرم لە رۆژی (٢٠٢٢/٣/١٤)، توێژەران هاوکێشەی (چوارگۆشەی کای – مربع کا٢) بەکارهێنا بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە نمرەی ئازاد (١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٥) ، بەهای (کای) خشتەیی بریتیە لە (٧,٨٨) و بچوکترە لە بەهای (کای) هەژمارکراوی

سەرجەم برگەکان ئەمەش واتای بوونی ڕاستگۆی هەردوو پێوەرەکە دەگەیەنێت , خشتەی (٥)

**خشتەی (٥)**

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی**

| | ژ | برگەکان | ژمارەی برگە | ڕەزامەندن | | ڕەزامەند نین | | بەهای کا٢ | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | | |
| کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١ | ٦،٧،١٢،١٦،٢٢،٢٤ ٢٦،٢٨،٢٩،٣٥، | ١٠ | ٢٨ | ١٠٠٪ | ٠ | ٠٪ | ٢٨ | ٠,٠٠ |
| | ٢ | ١،٢،٥،٨،٩،٢١،٢٥،٣٠، ٣٢،٣٣،٣٤،٣٦،٣٨ | ١٤ | ٢٧ | ٩٦,٤٢٪ | ١ | ٣,٥٨٪ | ٢٤,١٤ | |
| | ٣ | ٣،١٣،١٤،١٥،١٧،١٩،٢٠،٣١ | ٨ | ٢٦ | ٩٢,٨٥٪ | ٢ | ٧,١٤٪ | ٢٠,٥٧ | |
| | ٤ | ١١،١٨،٢٧،٣٧ | ٤ | ٢٥ | ٨٩,٢٨٪ | ٣ | ١٠,٧١٪ | ١٧,٢٨ | |
| | ٥ | ١٠،٢٣ | ٢ | ٢٤ | ٨٥,٧١٪ | ٤ | ١٤,٢٨٪ | ١٤,٢٨ | |
| گونجانی دەروونی | ١ | ١،٣،١٣،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣، ٢٤،٢٥،٢٩،٣١،٣٢،٣٦،٣٧ | ١٦ | | ٩٤,٤٤٪ | ١ | ٥,٥٥٪ | ١٤,٢٢ | ٠,٠٠ |
| | ٢ | ١١،١٢،١٧،٢٦،٢٧،٢٨ | ٦ | | ٨٨,٨٨٪ | ٢ | ١١,١١٪ | ١٠,٨٨ | ٠,٠٠١ |
| | ٣ | ١٦ | ٤ | | ٨٣,٣٣٪ | ٣ | ١٦,٦٦٪ | ٨ | ٠,٠٠٥ |

توێژەران بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/١٤) دەستییانکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەسەر (٢٨) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و پێوانەی گونجانی دەروونی بەسەر(١٨) شارەزا لە بواری دەروونزانی و، داوایان لێکردن ڕاو بۆچونی خۆیان دەربڕن دەربارەی گونجاوی و نەگونجاوی برگەکانی هەردوو پێوەرەکە ، دوای وەرگرتنەوەی کۆتا فۆرم لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/١٤)، توێژەران هاوکێشەی (چوارگۆشەی کای – مربع كا٢) بەکارهێنا بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە نمرەی ئازاد (١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٥) ، بەهای (کای) خشتەیی بریتیە لە (٧,٨٨) و بچوکترە لە بەهای (کای) هەژمارکراوی سەرجەم برگەکان ئەمەش واتای بوونی ڕاستگۆی هەردوو پێوەرەکە دەگەیەنێت , خشتەی (٥)

خشتەی (٥)

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی

٤-هێزی جیاکاری (قوة التمیزیة)

توێژەران هاوکۆڵکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونیان دەرهێنا بە دابەشکردنی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ( ٤٠٠) منداڵی باخچە بە جۆرێك (١٠٠)مامۆستای باخچە وەرگیرا کە هەر مامۆستایەك فۆڕمی بۆ (٤ بۆ ٨) منداڵ پڕکردەوە لە ڕێگەی تێبینیکردنی ڕەفتاری منداڵەکەوە ، پاشان دابەشکردنی نمونەی جیاکاری (العینة التمیز ) بۆ دوو گروپ ، گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٪٢٧) کە ژمارەیان بریتییە لە (١٠٨) منداڵی باخچە و گروپێك کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٪٢٧) کە ژمارەیان بریتییە لە (١٠٨) و دوورخستنەوەی ئەو گروپەی کە لە ناوەندی ئەم دوو گروپە بوون ، پاشان پرۆگرامی (SPSS) بۆ دەرخستنی هێزی جیاکاری برگەکان لە نێوان هەردوو گروپدا بەکارهێنرا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت) بۆ دوو نمونە ، بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی بەهای (ت) خشتەیی بریتییە لە (٢,٥٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) و نمرەی ئازاد (٢١٤) ، دەرکەوت سەرجەم برگەکانی هەردوو پێوەرەکە بەهای (ت)ی هەژمارکراویان گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی ئەمەش واتای بوونی جیاوازی دێت لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ڕووی پێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٥-ڕێکەوتنی ناوەکی (اتساق داخلی )

بۆ دۆزینەوەی ڕێکەوتنی ناوەکی توێژەران ( ٣٠) فۆرمیان بەکارهێنا بە جۆرێك (١٠) مامۆستا وەرگیرا کە هەر مامۆستایەك فۆرمی بۆ (٣) منداڵ پڕ کردبویەوە ، هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٩٣) و ، بۆ پێوەری گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٨٦) .

٦-جێگیری بە ڕێگەی دابەشکردنی نیوەیی (الثبات التجزئة النصفية)

بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران ڕێگەی (دابەشکردنی نیوەیی – التجزئة النصفية ) بەکار هێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی پێوانە ، توێژەران هەستان بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر(١٠) مامۆستای باخچە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بە جۆرێك هەر مامۆستایەك فۆرمی بۆ (٣) منداڵی باخچەی پڕ بکاتەوە ، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەیانە بە پرۆگرامی (SPSS ) دەرکەوت هاوکۆلکەی پەیوەندی ( پێرسۆن ) بۆ پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٧٢) ، هەروەها بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوەی بە هاوکێشەی (سپێرمان- براون) بریتییە لە (٠,٨٣) ، هەروەها هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) بۆ پێوەری گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (٠,٧٠) و ، بەهای پەیوەندی دوای ڕاستکردنەوەی بە هاوکێشەی (سپێرمان- براون) بریتییە لە (٠,٨٢) ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکان دەگەیەنێت بە ئاستێکی زۆر باش .

## شەشەم : ئەنجامدانی توێژینەوەکە :

دوای ئەوەی پێوەرەکانی توێژینەوە ڕاستگۆیی و جێگیری و هێزی جیاکاریان بۆ ئەنجامدرا ، توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی بە دابەشکردنی (٤٥٠) فۆرم بەسەر مامۆستایانی باخچە لە سنووری ناوەندی پارێزکای هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٢/٤/١٧) ، دواتر لە (٢٠٢٢/٤/٢٨) ، (٤١٠) فۆرم گەشتنەوە دەست توێژەران و لەو ژمارەیەش (١٠) فۆرم وەلانران بەهۆی کەم و کورتی لە وەڵامی برگەکان و لە ئەنجامدا (٤٠٠) فۆرم مانەوە و توێژینەوەکە بە بێ کێشە ئەنجامدرا.

## حەوتەم : ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان :

١-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی ( پەیوەندی نێوان نمرەی برگە و کۆی گشتی برگەکانی هەردوو پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی – پەیوەندی نێوان برگەی تاك و جووت بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکان -

٢-هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان – براون بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەرەکان.

٣-ناوەندی گریمانەیی بۆ دۆزینەوەی ناوەندی گریمانەیی هەردوو پێوەرەکە

٤-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیری ناوەکی هەردوو پێوەری کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی .

٥-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەری (کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی) و ، زانینی ئاستی هەردوو پێوەرەکە لای منداڵانی باخچە.

٦-تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری برگەکانی هەردوو پێوەرەکە ،و زانینی جیاوازی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز و تەمەن)

٧-هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بۆ زانینی جیاوازی نێوان ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بە پێی گۆڕاوەکانی ( ژمارەی منداڵ ، ڕیزبەندی منداڵ ، ئاستی خوێندەواری باوك ، ئاستی خوێندەواری دایك)

٨-هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆڤ – سمیرنۆڤ ( Kolmogorov-Simirnow) بە مەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی هەردوو پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی.

بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان

دابەشبوونی ئاسایی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی ( التوزيع الطبيعي )

به مەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆف – سمیرنۆف ( Kolmogorov-Simirnow) بەکارهێنرا چونکە نمونەی توێژینەوەکە زیاترە لە (٥٠) ، مەودای تیۆری (المدى النظرى) لە نێوان (٣٧-١٤٨) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت مەودای ڕاستەقینەی نمونەی پێوەرەکە لە نێوان (٦٧-١٤٧) و بەهای کۆلمۆگۆرۆف بریتییە لە (٠,٠٧٨) و ئاستی بەڵگەداریش بریتییە لە (٠,٠٠) کە بچوکترە لە (٠,٠١) ئەمەش مانای بوونی دابەشبوونی ئاسایی نمرەکانی پێوەرەکە دەگەیەنێت ، خشتەی (٦)

**خشتەی (٦)**

**دابەشبوونی ئاسایی پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| لادانی پێوەری | مەودای تیۆری | مەودای ڕاستەقینەی پێوەر | بەهای کۆلمۆگۆرۆف - سمیرنۆو | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤,١٣ | ١٤٨-٣٧ | ١٤٧-٦٧ | ٠,٠٧٨ | ٣٩٩ | ٠,٠٠ |

دابەشبوونی ئاسایی پێوەری گونجانی دەروونی ( توزيع الطبيعى )

به مەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایانەوە هاوکێشەی کۆلمۆگۆرۆف – سمیرنۆو ( Kolmogorov-Simirnow) بەکارهێنرا چونکە نمونەی توێژینەوەکە زیاترە لە (٥٠) ، مەودای تیۆری (المدى النظرى) لە نێوان (٣٧-١٤٨) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت مەودای ڕاستەقینەی نمونەی پێوەرەکە لە نێوان (٨٥-١٤٣) و بەهای کۆلمۆگۆرۆف بریتییە لە (٠,٠٦٨) و ئاستی بەڵگەداریش بریتییە لە (٠,٠٠) کە بچوکترە لە (٠,٠١) ئەمەش مانای بوونی دابەشبوونی ئاسایی نمرەکانی پێوەرەکە دەگەیەنێت، خشتەی (٧)

**خشتەی (٧)**

**دابەشبوونی ئاسایی پێوەری گونجانی دەروونی**

| لادانی پێوەری | مەودای تیۆری | مەودای ڕاستەقینەی پێوەر | بەهای کۆلمۆگۆرۆف - سمیرنۆو | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢,٢٣ | ١٤٨-٣٧ | ١٤٣-٨٥ | ٠,٠٦٨ | ٣٩٩ | ٠,٠٠ |

## ئەنجامەکانی توێژینەوە لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا :

## یەکەم : پێوانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (١٢١,٢٠) نمرە ، بەڵام ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە بریتییە لە ( ١٢١,١٧) ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت)ی بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (٠,٠٥٠) ئەمەش بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (١,٩٦٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازاد (٣٩٩) ،ئەمەش ئاماژەیە بە نزمی ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەی نمونەی توێژینەوەکە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەیەکی کەم ، خشتەی (٨)

**خشتەی (٨)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لەسەر پێوەری کارلێکی کۆمەڵایەتی**

| | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مامۆستایان | ٤٠٠ | ١٢١,٢٠ | ١٤,١٣ | ١٢١,١٧ | ٠,٠٥٠ | ١,٩٦٠ | ٣٩٩ | ٠,٩٦٩ |

ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی (مرتضى ٢٠١٥ ) کە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوت منداڵانی باخچە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییان بەرزە بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە پێچەوانەوە ، کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان و دایك و باوکانەوە لە

ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە لە ئاستێکی نزمدایە و نزیکە لە ناوەند ، ئەمەش ڕەنگەهۆکارەکەی بۆ پشووە فەرمییەکان و وەستاندنی دەوام لە کاتی بەفربارین و بایکۆتی مامۆستایانەوە بگەڕێتەوە کە بوونە هۆی ئەوەی منداڵانی باخچە کەمتر لەگەڵ یەکتر تێکەڵ ببن و کارلێکی کۆمەڵایەتیان بەهێز بێت ، هەروەها زیادبوونی ئامێری ئەلیکترۆنی زیرەك بە تایبەت (مۆبایل و ئایپاد) کە وای کردووە منداڵان زیاتر کاتەکانی خۆیان لەماڵەوە بەسەر ببەن بەدیار ئەم ئامێرانەوە و کەمتر تێکەڵی منداڵانی دیکە ببن و ، بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان بەتایبەت لە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا دایکان و باوکان خۆپارێزی دەکەن و ڕێگری لە منداڵ دەکەن کە زۆر بڕۆنە دەرەوە و تێکەڵ بە منداڵانی دیکە ببن ، هەروەها ئەم نەخۆشییە بوو بە هۆکاری کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ترسی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە.

## دووەم : ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی هەندێك گۆڕاو :

١- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز :

بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو ( ٤,٦٩) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی هەیە.

**خشتەی (٩)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| لە دیدی | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠١ | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مامۆستایان | نێر | ١٧١ | ١١٧,٤٦ | ١٤,٨٤ | ٤,٦٩ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٠٠٠ | |
| | مێ | ٢٢٩ | ١٢٤ | ١٢,٩٢ | | | | | |

ئەم ئامانجە پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (العزاوی و کریم ٢٠١٢) و ( مرتضی ٢٠١٥) کە لە ئەنجامی هەردوو توێژینەوەکە دەرکەوتووە ڕەگەز کاریگەری نییە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی ، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە جیاوازی هەیە لە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ). ، واتە لای ڕەگەزی (مێ) ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرزترە لە (نێر).

٢- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی تەمەن :

بە پێی گۆڕاوی تەمەن بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو تەمەندا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو ( ٠,٧٠٤) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی نییە.

**خشتەی (١٠)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ ساڵ | ٢٢٦ | ١٢٠,٧٦ | ١٤,١١ | ٠,٧٠٤ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٤٨٢ |
| ٦ ساڵ | ١٧٤ | ١٢١,٧٦ | ١٤,١٧ | | | | |

ئەم ئەنجامە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی ( مرتضی ٢٠١٥) کە دەرکەوتووە تەمەن کاریگەری نییە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە ، بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوتووە ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوندی منداڵانی تەمەن (٦) ساڵە بە بەراورد بە تەمەن (٥) ساڵ ، واتە ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی بە پێی ناوەندی ژمێرەیی لای منداڵانی تەمەن (٦) ساڵ بەرزترە .

٣- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ :

به پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ لە دیدی مامۆستایانەوە بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو (٠,٠٧١) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٦٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٦) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١١)

**خشتەی (١١)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٥ ساڵ | ٢٢٦ | ١٢٠,٧٦ | ١٤,١١ | ٠,٧٠٤ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٤٨٢ |
| ٦ ساڵ | ١٧٤ | ١٢١,٧٦ | ١٤,١٧ | | | | |

به پێی ئەم ئەنجامە جیاوازی نییە لە نێوان ژمارەی منداڵ و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایانەوە لە بەرژەوەندی ئەو خێزانانەیە خاوەنی (٣ منداڵ) ن ، واتە ئەو منداڵانەی لە خێزانەکانیاندا (٣منداڵ) یان هەیە بە ڕێژەیەکی کەم ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتیان بەرزترە لەوانی دیکە.

٤- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ :

بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ لە دیدی مامۆستایانەوە بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٠,٣٧) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٣,٠٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١٢)

**خشتەی (١٢)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| یەکەم | ١١٤ | ١٢٠,٢٨ | ١٤,٧٤ | ٠,٣٧ | ٣,٠٠ | ٣٩٧ | ٠,٦٨٧ |
| ناوەند | ١٠٦ | ١٢١,٨٧ | ١٣,١٢ | | | | |
| کۆتا | ١٨٠ | ١٢١,٣٧ | ١٤,٣٥ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٢١,١٩ | ١٤,١٣ | | | | |

ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی (کاتبی و المغوش ٢٠١٥) کە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە ڕیزبەندی منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر کارلێکی کۆمەلایەتی بە شێوەیەك ئەوانەی لە ڕیزبەندی دووەمن بەرزترین ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتییان هەیە پاشان ڕیزبەندی یەکەم و دواتر سێیەم و چوارەم ، بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە لە ڕیزبەندی (ناوەند) ن بە جیاوازییەکی زۆر کەم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا .

٥- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك و ، بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٠,٧٦) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٢١) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٤) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك جیاوازی نییە .

**خشتەی (١٢)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی ئاستی خوێندەواری باوك**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نەخوێندەوار | ٦ | ١٢٤,٣٣ | ١٥,١٧ | ٠,٧٦ | ٢,٢١ | ٣٩٤ | ٠,٥٧٧ |
| بنەڕەتی | ١٧٩ | ١٢٠,٥٣ | ١٤,٤٨ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٤ | ١٢٠,٧٥ | ١٤,٥٠ | | | | |
| دیبلۆم | ٩٠ | ١٢٢,٠٧ | ١٣,٢٨ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٧١ | ١٢٠,٧٣ | ١٤,٢٢ | | | | |
| بەرزتر | ١٠ | ١٢٨,٥ | ١١,٣٦ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٢١,١٩ | ١٤,١٣ | | | | |

بەپێی ئەم ئامانجە ئاستی خوێندەواری باوك جیاوازی نییە واتە خوێندەواری باوك کاریگەری لەسەر ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵی باخچە نییە ، هەروەها بە پێی ناوەندی ژمێرەیی ئاستی خوێندەواری باوك دەرکەوت ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی ئەو باوکانەیە ئاستی خوێندەواریان لە بەکالۆریۆس بەرزترە .

٦- ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٢,٣٨) گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٣٧) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك جیاوازی هەیە لە بەرژەوەندی ئەو دایکانەی ئاستی خوێندەواریان (ئامایی) یە ، خشتەی (١٣)

**خشتەی (١٣)**

**ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە بە پێی ئاستی خوێندەواری دایك**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نەخوێندەوار | ١٠ | ١٠٩,٩ | ١٧,١٠ | ٢,٣٨ | ٢,٣٧ | ٣٩٥ | ٠,٠٥ |
| بنەڕەتی | ١٣٦ | ١٢٠,٩ | ١٤,٤٦ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٨ | ١٢٢,٩٧ | ١٤,٥١ | | | | |
| دیبلۆم | ١٢٥ | ١٢٢,٦٦ | ١٢,٥٧ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٨١ | ١١٩,٧٦ | ١٤,٧٤ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١٢١,١٩ | ١٤,١٣ | | | | |

بەپێی ئەم ئامانجە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك لە بەرژەوەندی ئەو دایکانەیە ئاستی خوێندەواریان ( ئامادەیی) یە کە بەرزترین ناوەندە ژمێریان هەیە و , نزمترینیش ئەو دایکانەن (نەخوێندەوار)ن .

## سێیەم : پێوانی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستاوە :

لە ئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە پێوەری گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بریتییە لە (١١٨,٥٥) ، و ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەش بریتییە لە ( ١١٨,٥٥) ، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆ یەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە ، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو بریتییە لە (٠,٠١٢) ئەمەش بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (١,٩٦٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) و نمرەی ئازاد (٣٩٩) ، ئەمەش ئاماژەیە بە نزمی ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچەی نمونەی توێژینەوەکە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە بە رێژەیەکی کەم ، خشتەی (١٤)

**خشتەی (١٤)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لەسەر پێوەری گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە**

| نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢٠ | ١١٨,٥٥ | ٠,٠١٢ | ١,٩٦٠ | ٣٩٩ | ٠,٩٩٠ |

ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (الثجیل ٢٠١٦) کە دەرکەوتووە گونجانی دەروونی لای منداڵی باخچە لە ئاستێکی نزمدایە ، بەڵام پێچەوانەی توێژینەوەی (الجنابی ٢٠٠٢) کە دەرکەوتووە منداڵی باخچە ئاستی گونجانی دەروونیان بەرزە ،بەڵام لەم توێژینەوەیەدا گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە لە ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە لە ئاستێکی نزمدایە کە نزیکە لە ناوەند ، هۆکاری نزمی بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانەش : بەکارهێنانی زۆری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەن منداڵانەوە , زیادبوونی هەواڵی شەڕ و توندوتیژی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە , زیادبوونی نەخۆشییە گوازراوەکان بووەتە هۆی ئەوەی منداڵ زۆر ئاگادار بکرێتەوە لە خۆپاراستن ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی توشی دڵەڕاوکێ ببن .

## چوارەم : ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی هەندێك گۆڕاو

١-ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز :

بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە هاوکێشەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەرکەوت بەهات (ت) هەژمارکراو ( ٤,٨٢) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠١) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی هەیە ، خشتەی (١٥)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**خشتەی (١٥)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نێر | ١٧١ | ١١٥,٢٢ | ١٢,٥٢ | ٤,٨٢ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٠٠٠ |
| مێ | ٢٢٩ | ١٢١,٠٢ | ١١,٣٨ | | | | |

ئەم ئەنجامە یەكدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (الجمیلی ٢٠١٥) كە دەركەوتووە جیاوازی هەیە لە نێوان ئاستی گونجانی دەروونی بە پێی ڕەگەز لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) دایە ، واتە ئاستی گونجانی دەروونی لای ڕەگەزی (مێ) بەرزترە لە ڕەگەزی نێر.

٢- ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن:

بە پێی گۆڕاوی تەمەن بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا سوود لە تاقیكردنەوەی ئاماری (ت) بۆ دوو نمونە بینرا ، دەركەوت بەهات (ت) هەژماركراو (٠,٤٧) بچوكترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٨) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازی نییە ، خشتەی (١٦)

**خشتەی (١٦)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن**

| تەمەن | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٥ ساڵ | ٢٢٦ | ١١٨,٣٠ | ١٢,١٦ | ٠,٤٧ | ١,٩٦٠ | ٣٩٨ | ٠,٦٣٨ |
| ٦ ساڵ | ١٧٤ | ١١٨,٨٨ | ١٢,٢٨ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە تەمەن كاریگەری نیە لەسەر گونجانی دەروونی بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی هەردوو تەمەن دەركەوتووە لە بەرژەوەندی منداڵی تەمەن (٦) ساڵدایە بە جیاوازییەكی زۆر كەم لەگەڵ تەمەن (٥) ساڵدا.

٣- ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ :

بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوكێشەی ئاماری جیاكاری یەكی (One-way ANOVA) بینرا ، دەركەوت بەهات (ف) هەژماركراو ( ٠,١٩) بچوكترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٦٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٦) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەرونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١٧)

**خشتەی (١٧)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ژمارەی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) هەژمارکراو | بەهای (ف) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ منداڵ | ٢٧ | ١١٧ | ١٠,٦٧ | ٠,١٩ | ٢,٦٠ | ٣٩٦ | ٠,٩٠٣ |
| ٢ منداڵ | ١٤٣ | ١١٨,٥٧ | ١٣,٥١ | | | | |
| ٣ منداڵ | ١٣٠ | ١١٨,٩٣ | ١١,٦٧ | | | | |
| زیاتر | ١٠٠ | ١١٨,٤٥ | ١١,٣٨ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢٠ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە ژمارەی منداڵ کاریگەری نییە لەسەر گونجانی دەروونی منداڵی باخچە بەڵام بە پێی ناوەندی ژمێرەیی لە بەرژەوەندی ئەو خێزانانەیە خاوەنی (٣ منداڵ)ن واتە گونجانی دەروونی لای ئەو منالانەی لە خێزانەکەیاندا ٣ منداڵن بەرزترە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەگەڵ ئەوانی دیکە .

٤ - ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ :

بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ١,٣١) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٣,٠٠) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٧) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ جیاوازی نییە ، خشتەی (١٨)

**خشتەی (١٨)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ**

| ڕیزبەندی منداڵ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) هەژمارکراو | بەهای (ف) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ١١٤ | ١١٧,١١ | ١٢,٦٦ | ١,٣١ | ٣,٠٠ | ٣٩٧ | ٠,٢٧١ |
| ناوەند | ١٠٦ | ١١٨,٥٤ | ١٠,٩٣ | | | | |
| کۆتا | ١٨٠ | ١١٩,٤٧ | ١٢,٥٨ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢ | | | | |

بەپیی ئەم ئەنجامە دەرکەوت ڕیزبەندی منداڵ کاریگەری نیە لەسەر ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵی باخچە بەڵام بە پیی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوت لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە لە ڕیزبەندی منداڵدا لە خێزانەکەیاندا (کۆتا) منداڵن واتە لای ئەو منداڵانە ئاستی گونجانی دەروونی بەرزترە بە بەراورد بەوانی دیکە.

٥-ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو (١,٣٧) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٢١) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٤) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری باوك جیاوازی نییە ، خشتەی (١٩)

**خشتەی (١٩)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی ئاستی خوێندەواری باوك**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نەخوێندەوار | ٦ | ١٢٦,٣٣ | ٩,٦٣ | ١,٣٨ | ٢,٢١ | ٣٩٤ | ٠,٢٣٠ |
| بنەڕەتی | ١٧٩ | ١١٨,٣٥ | ١٢,٣٤ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٤ | ١١٧,٢٦ | ١١,٥٨ | | | | |
| دیبلۆم | ٩٠ | ١١٧,٠٧ | ١١,٣٨ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٧١ | ١٢٠,٥٦ | ١٢,٦٨ | | | | |
| بەرزتر | ١٠ | ١١٧,٦ | ١٥,٧٧ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٥ | ١٢,٢ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە ئاستی خوێندەواری باوک کاریگەری لەسەر ئاستی گونجانی دەرونی لای منداڵی باخچە نییە , بەڵام بەپێی ناوەندی ژمێرەیی دەرکەوتووە لە بەرژەوەندی ئەو باوکانەدایە کە (نەخوێندەوار)ن , واتە ئاستی گونجانی دەروونی لای ئەو منداڵانە بەرزە کە باوکیان نەخوێندەوارە بە بەراورد بەوانی دیکە.

٦- ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك :

بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوانیان سوود لە هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی (One-way ANOVA) بینرا ، دەرکەوت بەهات (ف) هەژمارکراو ( ٢,٥١) گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٢,٣٧) بۆ نمرەی ئازاد (٣٩٥) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، ئەمەش دەریدەخات ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایك جیاوازی هەیە.

**خشتەی (٢٠)**

**ئاستی گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە لە دیدی مامۆستایان بە پێی ئاستی خوێندەواری دایك**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ف) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نەخوێندەوار | ١٠ | ١٠٩,٣٠ | ١١,٨٠ | ٢,٥١ | ٢,٣٧ | ٣٩٥ | ٠,٠٤١ |
| بنەڕەتی | ١٣٦ | ١١٨,٤٠ | ١٢,٧١ | | | | |
| ئامادەیی | ٤٨ | ١٢١,٤٨ | ١٠,١٠ | | | | |
| دیبلۆم | ١٢٥ | ١١٩,٢٣ | ١٠,٨٧ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٨١ | ١١٧,١٩ | ١٣,٩١ | | | | |
| کۆ | ٤٠٠ | ١١٨,٥٦ | ١٢,٢١ | | | | |

بەپێی ئەم ئامانجە گونجانی دەروونی لە بەرژەوەندی ئەو دایکانەیە ئاستی خوێندەواریان (ئامادەیی) یە کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەییان هەیە و ، نزمترین ناوەندە ژمێرەییش ئەو دایکانەن (نەخوێندەوار)ن .

پێنجەم : ئامانجی پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایان

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی بریتییە لە (٠,٣٤) و ، بەهاکەی ئەرێنییە ، خشتەی (٢١)

خشتەی (٢١)

پەیوەندی نێوان کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی لە دیدی مامۆستایان

| نمونە | گۆڕاو | لادانی پێوەری | پێرسۆن | بەڵگەداری ٠،٠١ | پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | کارلێکی کۆمەڵایەتی | ١٤،١٣ | ٠،٣٤ | ٠،٠٠ | ڕاستەوانەی لاوازە |
| | گونجانی دەروونی | ١٢،٢٠ | | | |

هەروەك لە ئەنجامەکان دەرکەوت پەیوەندی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دیدی مامۆستایان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازە ، ئەمەش واتای ئەوەیە بە زیادبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی، گونجانی دەروونی زیاد دەکات بە ڕێژەیەکی کەم و بە پێچەوانەشەوە ( واتە کارلێکی کۆمەڵایەتی و گونجانی دەروونی هاوئاڕاستەن).

## ڕاسپاردەکان :

(لەبەر ڕۆشنایی ) ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو :

١-گرنگیدانی باخچەکان بە ڕاهێنانی منداڵان لەسەر ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکانی ناو کۆمەڵگە.

٢-گرنگە دایك و باوکان منداڵەکانیان هانبدەن بۆ بەشداریکردنی منداڵەکان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان .

٣-کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی باخچە بە مەبەستی زیادبوونی ئەزموون و زانیارییان تایبەت بە پەروەردەی منداڵ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە.

٤-سەردانی کردنی بەردەوام لە نێوان باخچەکانی منداڵاندا بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری و تێکەڵبوونی منداڵان لەگەڵ یەکتری بە مەبەستی بەهێزکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵان.

٥-سەردانکردنی منداڵانی باخچە بۆ دامەزراوەکان بە مەبەستی ئاشنابوونی منداڵان بە ڕۆڵە جیاوازەکان لە ناو کۆمەڵگەدا.

## پێشنیازەکان:

(لەبەر ڕۆشنایی ) ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگاکانی دیکە لەگەڵ فراوانکردنی نمونەی توێژینەوەکە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەو منداڵانەی لە قۆناغی یەکی بنەڕەتدان ئەوانەی ڕۆشتوونەتە باخچە بەراورد بکرێن بەوانەی نەچوونەتە باخچەوە بە مەبەستی زانینی کاریگەری باخچە لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر پەیوەندی کارلێکی کۆمەلایەتی بە گۆڕاوی دیکەوە.

٤-ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر پەیوەندی گونجانی دەروونی بە گۆڕاوی دیکەوە .

٥-دانانی پرۆگرامی ڕاهێنان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کارلێکی کۆمەلایەتی و گونجانی دەروونی لای منداڵانی باخچە.

## سەرچاوەكان :


١-ال مراد ،نبراس يونس محمد (٢٠٠٤)،اثر استخدام برنامج بالالعاب الحركية و الالعاب الاجتماعية و المختلطة فى تنمية التفاعل الاجتماعى بدى اطفال الرياض بعمر (٥-٦) سنوات ، اطروحة الدكتوراه فلسفة فى التربية الرياضية غير منشور ، جامعة موصل.

٢-ابراهيم ، سليمان عبدالواحد (٢٠١٤) ، علم النفس الاجتماعى و متطلبات الحياة المعاصرة ، ط ١ ، مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع ، عمان .

٣-ابوسكران ، عبدالله يوسف ، (٢٠٠٩) ، التوافق النفسى و الاجتماعى و علاقته بمركز الضبط ( الداخلى – الخارجى ) للمعاقين حركيا فى قطاع غزة، رسالة ماجستير غير منشور ، كلية التربية ، الجامعة الاسلامية – غزة.

٤-احمد،انور ابراهيم(٢٠١٤) ،التوافق النفسى و الاجتماعى لابناء النوبه و كوم امبو،ط١، الناشر المكتب العربى للمعارف،القاهرة.

٥-البهيلى ، عبدالرحمن بن محمد بن سليمان ، (٢٠٠٨ ) ، اساليب المعاملة الوالدية كما يدركها الابناء و علاقتها بالتوافق النفسى ، رسالة الماجستير غير منشور ، قسم العلوم الاجتماعية ، جامعة نايف العربية العلوم الامنية.

٦-بوشامه , نور الهدى و غويل , ريمه (٢٠١٦) ، دور الروضة فى تحقيق التوافق النفسى و الاجتماعى لدى الطفل ، رسالة ماجستير غير منشور , جامعه محمد الصديق بن يحى – جيجل .

٧-بۆكانى ، سابير بەكر مستەفا (٢٠٢٠)، ئينسايكلۆپيدياى زانستە دەروونييەكان ، چاپى يەكەم ، چاپخانەى چوارچرا .

٨-الثبيتى، عبدالله بن عايض سالم (٢٠٠٢) ، علم اجتماع التربية ، ط١ ، المكتب الجامعى الحديث، مصر.

٩-ثجيل،ليلى نجم (٢٠١٦) ، التوافق النفسى الاجتماعى و علاقته بظاهرة العنف لدى أطفال مرحلة ما قبل المدرسة ، بحث منشور ، مجلة البحوث التربوية و النفسية ، المجلد ع ، العدد ٤٩ ، ص ١-٣٨.

١٠-الجموعى ، مومن بكوش ، ( ٢٠١٣) ، القيم الاجتماعية و علاقتها بالتوافق النفسى الاجتماعى لدى الطالب الجامعى ، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجستير فى علم النفس الاجتماعى ، جامعة محمد خيضر – بسكرة - ، الجزائر.

١١-الجميلى ، أمل محمودى عبيد (٢٠١٥) ، التوافق النفسى لدى اطفال الرياض و علاقته بالسلوك العدوانى ، بحث منشور مجلة كلية الاداب ، المجلد ٢٠١٥ ، العدد ١١٣، ص ٥٧١-٥٩٦ .

١٢-الجنابى ، جورى معين على (٢٠٠٢) ، التوافق النفسى الاجتماعى لطفل الروضة و علاقته ببعض المتغيرات المتعلقة بالام فى اثناي الحمل و الولادة ، رسالة ماجستير غير منشور ، جامعة بغداد ، كلية التربية البنات ، قسم رياض الاطفال .

١٣-الحجار , بشير (٢٠٠٣) , التوافق النفسى لدى مريضات سرطان الثدى بمحافظات غزة و علاقته ببعض المتغيرات , راسلة ماجستير عير منشور , الجامعة الاسلامية , غزة , فلسطين.

١٤-دوسة ، مدينة حسين و أبكر ، موسى صالح حسن ، ( ٢٠١٨)، دراسة عن التوافق النفسى و علاقته بسمات الشخصية (الانبساط و العصاب) لدى طلاب و طالبات بالمرحلة الثانوية النازحين ، بحث منشور فى مجلة العربية للعلوم التربوية و النفسية ، العدد ٣ ، ابريل

١٥-الرشدان، عبدالله زاهى (٢٠٠٥) ، التربية و التنشئة الاجتماعية ، دار وائل للنشر ، عمان.

١٦-السرحى، زكية بنت عبدالله (٢٠١٥) ، مستوى التوافق الشخصى للطلبة ( الحلقة الثانية فى التعليم الاساسى) ، فاقدى الامهات فى محافظة شمال الباطنة فى ضوء بعض المتغيرات ، رسالة ماجستير غير منشور ، كلية العلوم و الاداب ، جامعة نزوى.

١٧-سديق،فوئاد (٢٠١٥) ، دەروونزانى كۆمەڵايەتى ، ب.چاپخانە ، هەولێر.

١٨-شاذلى،عبدالحميد محمد (٢٠٠١) ، التوافق النفسى للمسنين ، المكتبة الجامعية اسكندرية .

١٩-عبدالرحيم, جوزال (١٩٨١) , نحو السلوك الشخصى الاجتماعى الطفل الروضة فى ضوء الانشطة التضفة بخطة العمل بوزارة التربية و التعليم , جامعة العين شمس , رسالة ماجستير غير منشورة.

٢٠-عبداللطيف،مدحت عبدالحميد و عوض،عباس محمود (١٩٩٩) ، الصحة النفسية و التوافق الدراسى،دار المعرفة الجامعية للطبع و النشر و التوزيع ،مصر.

٢١-العزاوی ، سامی مهدی و كريم ، وفاء قيس (٢٠١٢) ، التفاعل الاجتماعی لدی اطفال الرياض من أبناء الأمهات العاملات و غير العاملات ، بحث منشور فی مجله الفتح ، عدد خمسون ، لسنه ٢٠١٢.
٢٢-عزيز ،عزالدين أحمد ، (٢٠١٤) ، بنەماكانی دەروونناسی گشتی ، چ ٥ ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
٢٣-فەهمی ، موستەفا (٢٠١٢) ، دەروونەدروستی ، وەرگێڕانی : سەڵاح سەعدی ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.
٢٤-محمد ، ئاراس عثمان ، ( ٢٠١٦ ) ، گونجانی دەروونی و كۆمەڵایەتی لای خوێندكارانی بەكارهێنەری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە زانكۆی گەرمیان ، نامەیەكی ماستەر بڵاونەكراوە لە بەشی پەروەردە و دەروونناسی ، پسپۆڕی دەروونناسی پەروەرەیی ، زانكۆی گەرمیان.
٢٥-محمد،محمد جاسم ، (٢٠٠٤ ) ، مشكلات الصحة النفسية ( أمراضها و علاجها) ، ط١، دار الثقافة للنشر، عمان،الاردن.
٢٦-محەمەد، نازەنین ( ٢٠٢١) ، بنەماكانی دەروونەدروستی، چاپی دووەم ،چاپخانەی نارین ، هەولێر.
٢٧-مرتضی , مها مصطفی (٢٠١٥) , التفاعل الاجتماعی عند اطفال الروضة , مجله أهل البيت عليهم السلام , العدد ٢٤ .
٢٨-معايته,خەلیل عەبدولڕەحمان (٢٠١٣) , دەروونناسی كۆمەڵایەتی , وەرگێڕانی : سەلاح سەعدی , چاپخانەی نارین , هەولێر.
٢٩-الهدی ، بورويس نور (٢٠١٦) ، دور رياض الاطفال فی تنميه التفاعل الاجتماعی من وجهه نظر أولياء التلاميذ لدی الاطفال من (٤-٥) سنوات ، رسالة ماجستير غير منشور، علم الاجتماع التربوی ، جامعه محمد بوضياف المسيله.
٣٠-همشری،عمر أحمد (٢٠١٣) ، التنشئة الأجتماعية للطفل ، ط٢ ، دار الصفاي للنشر و التوزيع ، عمان.
٣١-الويزة،خيتر(٢٠١٢) ، اثر الحرمان العاطفی الامومی علی التوافق النفسی لدی المراهقين ، رسالة ماجستير غير منشور فی علم النفس غير منشور، جامعة العقيد أكلی محند اولحاج البويرة .
٣٢-یاسمی , صدیقه و دیگران (٢٠١٥) , مقایسه مهارتهای اجتماعی كودكان پیش دبستانی ٤-٥ سال شهرستان ایوان غرب , پژوهش منتشر شده در فصلنامه مطالعات پیش دبستان و دبستان , سال اول , شماره دوم , زمستان ٩٤ .